www.kurdistannet.org
19:43 29-5-2006بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

## حاكم قادر و بەرنامەی چاوی سێیەم.... لوقمان شێخ سەلام

بەهەنگاوێكی پۆزەتیفانەی دەزانم كەڕاگەیاندنی یەكێتی ئەگەر وەكو هەنگاوێكی سەرەتایش بێت یان هەتاوەكو بۆ بەرژەوەندی حزبیش بێت، لەبەرنامەجۆر بەجۆرەكانیدا لێپرساوان بانگهێشت بكاتو ڕوبەڕوی هاووڵاتیانی بكاتەوە، بەڕاستی ئەتوانم بڵێم ئەمەبەشێوازێكی تازەو وەرچەرخانێكی گرنگی دەزانم لەشێوازو هەڵسوكەوتی ڕاگەیاندن و بیركردنەوەی حیزب.
لەبەرنامەی چاوی سێیەمی ئەم جارەدا حاكم قادر سەرۆكی شارەوا نی سلێمانی بانگهێشت كرابو لەپێشەكیدا ئەوەی جێگای ڕەخنەبوو كەبەهیچ جۆرێك نەئەبوایەئەو ڕۆژنامەنوسەی ڕەخنەكانی ئاراستەی حاكم ئەكرد ئەندامی یەكێتی بوایەئەگەر بهاتایەو كەسێكی دەرەوەی یەكێتی بوایەئەوا ئەوكاتەبەرنامەكەئەیتوانی متمانەو سیقەی خەڵكانێكی زیاتری بەلای خۆیدا ڕابكێشێ، یان ئەگەر بهاتایەو خەڵكانێكی زیاتر بەشداربو نایەو وەرێگای زیاتر بەقسەكردنی ڕۆژنامەنوسەكانی دیكەبدرانایە، ئەوا ئەو كاتەبێگومان سەركەوتوتر دەبو.
ئەگەر سەرنج لەتێكڕای گفتوگۆكان بدەین ئەمانباتەئەو دەرئەنجامەی كەڕەخنەكان لەبەرامبەر وەڵامەكانی حاكمدا زەعیف بوون، چونكەحاكم زۆر بەڕاشكاوانەو بێمنەتانەوەڵامی ئەدایەوە، من وای بۆ دەچم كەحاكم پێش وەخت ئاگاداری هەندێك لەو ڕەخنانەبوبێت كەئاراستەی ئەكرێت، چونكەئەگەر سەرنجی زۆرترینی وەڵامەكانتان دابێت كەزۆر بەخێرایوو بەبێ وەستانو بێ بیركردنەوەئەیدانەوەوەكو ئەوەوابو لەبەری كردبێت.
ئەگەر شیكاریەكی ورد بۆ تێكڕای قسەكانی حاكم بكەین بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ هەندێك لەڕەخنەكانی خستەئەستۆی سەرۆكی حوكمەتو لێپرساوەكانی تر، كەهەمیشەفشاریان خستۆتەسەر بۆ جێ بەجێكردنی هەندێ كاری تایبەت. وەلەلایەكی ترەوەبەشێوەیەكی ناڕاستەوخۆ پێی ووتین كەپۆستی سەرۆكی شارەوانی پۆستێكی حەیابەرو پڕ گیروگرفتەو پۆستەكانی تر و لێپرسا وەكانی تر لوتكەی گەندەڵینو كەسیش دەرهەقیان نقەی لێوەنایەت.
شتێكی تر بەلامەوەگرنگەباسی بكەم كەكاك لاوەند لەدرێژەی ڕەخنەكانیدا، وەك داكۆكی كەرێك لەدژی گەندەڵی ئەدوا ووتی ئەو كچەی شوی بەمن كردوەپێشوەخت عەرزەی وەرگرتوەپێویستی نەكردوەمنیش وەری بگرمەوە. جاحەقەلەكاك لاوەند بپرسرێت ئایا ئەو كچەتۆ خواستوتەبەپێی كام یاسا عەرزەی وەرگرتوە؟ ئەگەر فەرمانبەربوبێت ئەوەدەبێت خاڵی زۆری هەبوبێت و كاتێك یاسایی حەقی عەرزەدەیگرێتەوەكەتەمەنی لەچل ساڵ تێئەپەڕێت و وەختی شوكردنی بەسەر دەچێت، بڕواشناكەم ئەوەی تۆ هێناوتەئەوەندەتەمەنی گەورەبوبێت بەبەراورد لەگەڵ تەمەنی خۆت.
جابەبڕوای من پرسی گەندەڵی بەتەنها یەك كەسو دو كەس لێی بەرپرس نین و زۆرێك لەكۆمەڵگاشی گرتۆتەوەبەڵام نابێت ئەوەشمان بیرچێت كەبەرپرسی یەكەمیش دەسەڵاتەچونكەدەسەڵات زەمینەخۆشكەری گەندەڵیكانە. لەو بڕوایەشدام هەتاوەكو ئاستی هۆشیاری كۆمەڵگا بڕواتەپێشەوەئەوەندەش سنور دانان دەبێت بۆ دیاردەی گەندەڵی.
لەكۆتایشدا جێگای خۆیەتی كەدەست خۆشی لەپێشكەشكەری بەرنامەكەبكەم بەهیوام بەردەوام بێت.

هۆڵەندا